

# هاردێکی گەڕۆک و ستایلێکی ناوازە

هارد بۆ داکردنی داتاکان گرنگییەکی زۆری هەیە. جیاوازییەکی سەرەکی لە نێوان هارد و فلاش دا ئەوەیە، هارد بۆ هەڵگرتن و ئەرشیف کردنی داتاکانە، بەڵام فلاش میمۆری بۆ راگواستنی داتاکانە، بۆیە پێویست دەکات هارد پتەو و مکوم بێ و فلاش بچووك و سووك بێ.

کۆمپانیایەك لەم ماوەیەدا هاردی گەڕۆکی جۆری HD770Gی بەرهەم هێناوە کە قەبارەکەی ٢ ترابایت هەتا ٤ ترابایتە. یەکەم هاردی گەڕۆکە بە رووناکی و گلۆپە رەنگاورەنگەکانی سەرنج رادەکێشێ.

هاردەکە تەنیا دیزاینەکەی سەرنج راکێش نییە، بەڵکو زۆریش مکوم و پتەوە، چونکە ئەگەر لە بەرزاییەکیەوەش بەربێتەوە هیچی لێ نایەت و هەروەها ئاوی تێناچێت و تۆزوخۆڵ ناچێتە ناویەوە.




# هواوی مۆبایلێکی چەم

هەوڵدان بۆ بەرهەمهێنانی مۆبایل و تەبلێتی نەرم و چەماوە بەردەوامە. کۆمپانیاکان هەوڵ دەدەن مۆبایلێك لە داهاتوودا مۆبایلەکان وەك کاغەز چەند جارێك بنوشتێنەوە و دوایی لێبکرێنەوە و ببنەوە یەك پارچە.

هواوی ساڵی رابردوو مۆبایلی جۆری Huawei Mate X بەرهەم هێنا، ئەگەرچی هەتا ئێستاش بە فرەیی نەخراوەتە بازاڕەوە، بەڵام بەرای کۆمپانیای ناوبراو لەبوارەدا سەرکەوتووە بووە. ئێستاش

# پشیلەی رۆبۆت هـ

جیهانی رۆبۆتەکان، جیهانێکی سەرنج راکێشە، لە پێشانگای CES ئەمساڵدا شوێنێکی زۆریان لە پێشانگاکە داگیر کردبوو. یەکێك لە رۆبۆتە سەرنج راکێشەکان، رۆبۆتی (پشیلەی مارس) بوو و mars cat کە لەسەر شێوەی پشیلە دروستکراوە.

پشیلە رۆبۆتەکە تەواو خۆکارە و دەتوانرێ بە دەستپێداهێنان یا بە دەنگی بەکارهێنەرەکەی فەرمانەکان جێبەجێ بکا. (مارس) وەك پشیلەیەکی ئاسایی خوو بە ئینسانەوە دەگرێ،



# ماوسێک ئازار بە جومگەکانت ناگەیەنێ

هەستت بەوەی کردووە کە زۆربەی ئەوانەی زۆر کۆمپیوتەر بەکار دێنن و ماوس بەدەستەوە دەگرن، پاش ماوەیەك جومگەی دەستیان ژان دەکا. هۆکارەکەی ئەوەیە ئەو ماوسانەی بەرهەم هاتوون (ئۆرگۆنۆمیك) نین، واتە گونجاو نین بۆ بەکارهێنانی زۆر و ئازار بە جومگە دەگەیەنن.

ماوسی جۆری MX VERTICAL ماوسێکە جۆری بەکارهێنانەکەی جیاوازە لە ماوسی دیکە. چونکە کاتێك لەدەستی دەگری گۆشەیەکی ستوونی ٥٧ پلە دروست دەکا بەم هۆیەوە وا بەکارهێنەر مەچەکی ئازاری پێناگا و جوڵەی دەستی ١٠٪ کەمترە لە ماوسی ئاسایی و DPI 400یە. ماوسەکە وایەرلەیسە و هەتا چوار مانگ پێویستی بە شەحن کردنەوە نییە، لەگەڵ ئەوەشدا تەنیا بە کەمتر لە کاتژمێرێکیش شەحن دەبێتەوە. خاڵی جێگای سەرنجی ئەوەیە دەکرێت لەیەك کاتدا لەگەڵ دوو کۆمپیوتەر پەیوەند بدرێ.





## ـــــــاوەی دیکە بەرهەم دێنێ

هەولدەدا مۆبایلێکی چەماوەی دیکە کە خاوەنی شەش کامێرا و قەڵەمی بەرکەوتن بێ بەرهەم بێنێ.

رەنگە ناوی موبایلە نوێیەکە Huawei Mate X2 بێت. هەندێك جیاوازی لەگەڵ ئەو مۆبایلە و مۆبایلی بەرێ هەیە، ئەویش ئەوەیە، مۆبایلی پێشوو بەرەو ناوەوە دەنووشتایەوە، بەڵام ئەوەیان بە رووکاری دەرەوەدا دەنووشتێتەوە. ئەوەی پێشوو چوار کامێرا بوو، ئەوەیان شەش کامێرای هەیە.

## ـــــــاودەمێک بۆ ماڵەوە

بەڵام نایرنێ.

پشیلەکە دەتوانێ بە رێگادا بڕوا، یاری بکا و تەنانەت لاسایی بەکارهێنەرەکەی بکاتەوە. هەموو ئەو کردارانەی ئەنجامی دەدا خۆکارە و بەبێ ئەوەی بەدەست فەرمانی پێبکرێ.





# کاتژمێرێکی کۆمپیوتەر

لە فیلمە خەیاڵییە زانستییەکاندا ئامێری زۆر سەیر دەبینین، رەنگە بڵێن ئەم خەیاڵە هیچکات نابێتە راستی! بەڵام زۆربەی ئەو ئامێرانەی کە رۆژانە سوودی لێوەردەگرین سەردەمێك لە خەیاڵیشماندا نەدەگونجان.

بیرۆکەی دروستکردنی کاتژمێری جۆری WristPC راستە ئێستاکە هەر لە چوارچێوەی خەیاڵدایە، بەڵام رۆژێك دێت وەك زۆر ئامێری دیکە دەبێتە راستی. ئەم کاتژمێرە زۆربەی ئەو ئەرکانەی بەکۆمپیوتەر یا مۆبایل ئەنجامی دەدەی ئەنجامی دەدات. هەموو ئەرکێکی مۆبایلی پێ ئەنجام دەدرێ. لەگەڵ وێب پەیوەند دەدرێ و دەتوانی چۆن لە کۆمپیوتەر سوود وەردەگری لەویش سوود وەربگری.

شاشەکەی لەمسییە و 5/3 ئینجە. شاشەکەی دەکرێت بۆ هەر مەبەستێك بەکار بێنی، ئەگەر لە ئۆتۆمبیلدا وەك GPS سوودی لێوەربگری. دەکرێت لەدەستیشی دەربێنی و بە بەندی کاتژمێرەکە تایپ بکەی و شت بنووسی.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک

**خوێنەرێکی بەڕێز دەپرسێت چۆن دەکرێت بەشێك لە پرۆگرام و یارییەکانم لە درایڤێکەوە بۆ درایڤێکی دیکەی ویندۆز بگوازمەوە؟**

خوێنەری بەڕێز بۆ گواستنەوەی پرۆگرامەکان خۆی پرۆگرامی تایبەتی هەیە، یەکێك لەو پرۆگرامانە پرۆگرامێکی بچووکە بەناوی SymMover. ئەگەر بتهەوێ بەبێ پرۆگرامیش ئەنجام دەدرێ بەڵام ئەم توانایە لە ویندۆزدا هەیە، سەرەتا دوو دوگمەی Win+I دابگرە، پاشان پەنجەرەیەك دەکرێتەوە و لەو پەنجەرەیەدا Apps هەڵبژێرە و ئەو پرۆگرامەی مەبەستتە دیاری بکە، پاشان لەلای خوارەوە فەرمانی move دابگرە و درایڤی مەبەستت دیاری بکە..

# پرۆگرامێک بۆ نوێکردنەوەی وێنە کۆنەکان

کە سەیری ئەلبۆمی وێنەکانت دەکەی، گەلێك وێنە هەن کە بەتەواوی کۆن بوونە و تێکچوونە، دەتەوێ جارێکی دیکە سکانیان بکەیەوە و کوالیتیان بەرز بکەیەوە و جوانیان بکەیەوە.

پرۆگرامەکانی وەك فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی ئەم ئەرکانە ئەنجام دەدەن، بەڵام شارەزاییان دەوێ وە هەموو کەسیش لێی نازانێ. ئەو پرۆگرامانە تەنیا بۆ ئەنجامدانی ئەرکێك نین بۆیەسوود وەرلێوەرگرتنیان بۆ کەسێکی تازەکار ئاسان نییە.

پرۆگرامی SILKYPIX Developer Studio تەنیا بەو مەبەستە بەرهەم هاتووە و ئەو ئەرکەت بە ئاسانی بۆ ئەنجام دەدا.

بەکارهێنەر زوو لەگەڵی رادێ و لە ماوەیەکی کەمدا وێنە کۆنەکان باش دەکاتەوە. پرۆگرامەکە باشترین پرۆگرامە بۆ گەورەکردنی وێنەکان بەبێ تێکچوونیان، پرۆگرامی دیکە هەیە بەڵام کاتێك وێنەکە گەورەدەکات، وێنەکە گەورە دەبێت بەڵام کوالیتی تێکدەچێت، ئەم پرۆگرامە وا نییە.

هەڵە و پەڵەکان کە پێشووتر بە دژواری دەکران بە ئاسانی لەو پرۆگرامەدا ئەنجام دەدرێن، توانای رێکخستنی سپی و رەشی وێنەکان، لێڵی و رووناکی و ئەوەی پەیوەندی بە وێنەوە هەیە هەیەتی. پرۆگرامەکە لە ١٢٠ جۆر کامێرای وێنەگرتن پشتیوانی دەکا.



# بە مۆبایل کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیل بکەن




سیستەمی زۆربەی ئۆتۆمبیلە نوێیەکان وا داندراون کە لە ڕێگەی ئەپێکەوە بەمۆبایل لە دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێن، بەڵام بۆ ئۆتۆمبیلە کۆنەکان ئەو سیستەمە بەردەست نییە.

کۆمپانیایەك کە کار لەم بوارەدا دەکات هەوڵیداوە ئامێرێك بەرهەم بێنێ کە ئۆتۆمبیلە کۆنەکانیش هەمان سیستەمیان هەبێ و لەڕێگای دوورەوە کۆنترۆڵ بکرێن.

لە سەرمای زستان و گەرمای هاویندا زۆرجاران حەز دەکەی چەند ساتێك بەرلەوەی بگەیە ئۆتۆمبیلەکەت، هەڵبکرێ و گەرم یا سارد بکرێ و تۆ یەکسەر بڕۆی.

یا جار هەیە سویچەکانت لەناو خودی ماشێنەکەدا لەبیرچووە و دەرگاکانیش داخراون، ئەوکات هەموو هەوڵێك دەدەی بۆ ئەوەی ڕێگاچارەیەك بدۆزیەوە..

سیستەم و ئامێری Viper SmartStart نە تەنیا ئەمانەی ئاماژەمان پێدان بەڵکو زۆر کارسانی دیکەش ئەنجام دەدات. کاتەکانی پارك کردنی ئۆتۆمبیلت بیردەخاتەوە، شوێنی ئۆتۆمبیلەکەت لەسەر نەخشە نیشان دەدات، ئەگەر یەکێك لە ئەندامانی ماڵەوە ئۆتۆمبیلەکەت لێبخوڕێ، دەتوانی خێرایی بۆ دیاری بکەی و لەوە زیاتر نەڕوات و ئەو شوێنانەی بۆی دەچی لە مۆبایلەکەت نیشان بدات. تەنانەت دەکرێت وا بکەی ئۆتۆمبیلەکەت لە دوورەوە بکوژێنەوەو قفڵی بکەی بۆ ئەوەی کەس سوودی لێوەرنەگرێ.

# پاوەربانکێک بۆ گشت ئامێرێک دەبێت



**پاوەربانکەکان کارئاسانییەکی زۆر دەکەن، ئەوان وزەی گەڕۆکن بۆ بارگاوی کردنی ئامێرەکانی کە باترییەکان دەبێ شەحن بکرێنەوە.**

**لەکاتی ڕۆیشتن بۆ گەشت و گەڕان بۆ ئەو شوێنانەی کارەبای لێ نییە، هیچ شتێك وەك پاوەربانك گرنگ نییە، چونکە مۆبایلەکەت کە کوژایەوە یا کامێرای دیجیتالییەکەت ئەوکات پەکت دەکەوێ.**

**پاوەربانکەکان زۆرتر ئامێری بچووك شەحن دەکەنەوە، بەڵام پاوەربانکی جۆری U5020 کە پەنجا هەزار میلی ئەمپێرە، توانای شەحنکردنەوەی زۆربەی ئامێرەکانی هەیە، تەنانەت لاپتۆپ و دیسکتۆپیش، هەروەها تەلەڤزیۆنیش کاری پێدەکات. چوار شوێنی هەیە بۆ شەحنکردنەوەی ئامێرەکانی هاوشێوەی مۆبایل. شوێنێکی هەیە کە وزەکەی خۆی بۆ ٢٢٠ ڤۆڵت دەگۆڕێت.**



## ماڵپەڕێک بۆ دروستکردنی سایت

ئەگەر نیازت هەبێ بۆخۆت سایتێك واتە ماڵپەڕێك دروست بکەی، پرۆگرامگەلێکی زۆر هەیە بۆ ئەم مەبەستە، بەڵام ئەگەر بتهەوێ بەبێ هیچ پرۆگرامێك ئەوە تاقی بکەیەوە. ئەوە ماڵپەڕی تایبەت بەم کارە داندراوە، یەکێك لە ماڵپەڕە سەرکەوتووکانی ئەو بوارە ماڵپەڕی https://www.wix.com یە. ماڵپەڕەکە خزمەتگوزاریەکانی بە خۆڕاییە، بەڵام دەبێ هەژمارێك بۆخۆت بکەیەوە. لەو ماڵپەڕەدا ئەوەندە بەسە کە چوارچێوەی تایبەت بەخۆت وەك بەشی مۆسیقا، بازرگانی، فرۆشیاری، سیاسی و ڕاگەیاندن و ...تاد دیاری بکەی. دەکرێت بۆخۆت ئەو شتانەی پێتوایە لە ماڵپەڕەکەدا نین لێی زیاد بکەی. هەر خودی ماڵپەڕەکەش هۆستی خۆڕایت بۆ دانانی ماڵپەڕ دەداتێ.